## فیگەن بایکاڵ لەزانکۆی مەرمەرە بۆ گوڵان:



# جێگیرکردنی بنکەی سەربازی ئەمریکا لەعێراق بۆ دژایەتیکردنی تورکیا نییە

**دەستێوەردانی سەربازی تورکیا لەعێراق بەبێ گلۆپی سەوزی ئەمریکا مەحاڵە**

**ئەدیب باشەری کۆردیناتۆری تورکیا بۆ کاروباری پەکەکە لەهەڤپەیڤینێکی لەگەڵ کەناڵی (CNNTURK)دا لەبارەی کار و چالاکییەکانی خۆی وەڵامی رۆژنامەنووسانی دایەوە.. باشەر هێمای بۆ ئەوە کرد لەڕووی ستراتیژییەوە ئامانجی سەرەکیان رێگرتنە لەدروستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ نەک تێکۆشانی دژی پەکەکە. لەبارەی ئەو پرسیارەی ئەگەر تورکیا نەیتوانی ئەمڕۆ رێ لەو بیرۆکەیە بگرێت ئەوکات لەسەر تورکیا پێویستە چی بکات. لەمبارەیەوە گوتی: "ئەگەر شتێکی وەها ڕوویدات ئەوا لەئێستاوە تورکیا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی عێراق هەندێک ئامادەکاری دەکات و سیاسەتی خۆی ئاشکرا دەکات، دەبێت تورکیا تێزەکانی خۆی بۆیان روون بکاتەوەو پێیان قەبووڵ بکات، لەبەرئەوەی پارچەبوونی عێراق نەک تەنیا بۆ عێراق بەڵکو بۆ هەموو هەرێمەکە مایەی مەترسییە، بۆیە پێویستە تورکیا هاوپەیمانی نوێ بۆ خۆی پەیدا بکات". ناوبراو ئەوەشی روونکردەوە بوونی سیستمێکی فیدراڵی لەباکووری عێراق بەمانای سەربەخۆیی یەکجارەکی و تەواوەتی کوردان نایەت. هەروەها گوتیشی: "لەهەلومەرجێکی وەها مومکین نییە بتوانن لەگەڵ سەرکردایەتی کورد دیدار و دانوستان بکەن"... لەبارەی دڵەڕاوکێ و هەستیاری تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان خاتوو فیگەن بایکاڵ لەزانکۆی مەرمەرە لەئیستانبوڵ بەمشێوەیە دید و سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان هێنایە زمان:**

یەکەم شت کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی سیاسەتمەدارانی کورد کە چۆن هەلەکە بقۆزنەوە و یارییەکی دیپلۆماسیانە بکەن، چونکوو هەروەک خۆمان دەزانین هەر جۆرە دەستێوەردانێکی سەربازی لەکاروباری عێراق راستەوخۆ گلۆپی سەوزی ئەمریکای پێویستە. هەروەها تورکیا نایەوێت تەنیا سنووری هەرێمی کوردستان ببەزێنێت، بەڵکو یەکەمجار سنووری وڵاتێک بەناوی عێراق دەبەزێنێت، عێراقێک کە ئێستا بۆ ئاسایشی شاری بەغدا کەڵک لە سەربازی کورد وەردەگیرێت و سێ هەزار سەربازی کورد لەبەغدان، ئەی نابێت بەغدا کارێک بۆ کورد بکات؟ ئەوە کەرکووکیش هەر خۆمان دەزانین. بەڵام بەدڵنیاییەوە تائێستاش سیاسەتمەدارانی کورد ئەوەیان سەلماندووە کە بێنە نێو کایەکە و باش یاری دەکەن. ئەکتیڤبوونی سیاسەتمەدارانی کورد لەهەمبەر ئەم کێشەیە زامنی نەهاتنی سوپای تورکیایە بۆ نێو خاکی کوردستان.

## جێگیرکردنی بنکەیەکی سەربازی ئەمریکا لەهەرێمی کوردستان

لەبارەی ئەو هەواڵ و دەنگۆیانەی کە لەدەزگاکانی چاپەمەنی و ناوەندە سیاسییەکانی جیهان بلاوبۆتەوە کە هێما بۆ جێگیرکردنی پێگە و بنکەیەکی سەربازی ئەمریکی لەهەرێمی کوردستان دەکەن، خانمی بایکاڵ بەگومانەوە لەو مەسەلەیە دەڕوانێت و لەمبارەیەوە گوتی:

جارێ تائێستا شتێکی ئەوتۆ بەفەرمی لەلایەن سەرکردایەتی سیاسیی کوردەوە ڕانەگەیەندراوە کە داوای دامەزراندنی بنکەیەکی سەربازی ئەمریکا لەکوردستان بکەن، تەنانەت ئەگەر کورد داواش بکات هێشتا ڕوون نییە ئەمریکا ئەو داخوازییەی کورد ئەرێ دەکات یان نا. لەبەرئەوەی ئەمریکا سیاسەتێکی دوورمەودا و فراوانتری لەناوچەکە هەیەو، بنکەی سەربازی ئەمریکا لەزۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و کەنداو هەیە. ئەمڕۆ ئەمریکا لەتەواوی عێراق و لەتورکیاش بنکەی سەربازی هەیە. ئەمریکا کاتێک ڕووبکاتە کوردستان دەبێت بۆ ئامانجێکی ڕۆشن بێت. من لەو ڕووەوە بەگومانم کاتێک دەبینم زۆرجار سیاسەتمەدارانی تورکیا بەگومانەوە پێمان ڕادەگەیەنن کە ئەوان لەئەگەری هەڵگرتنی ئەو هەنگاوەی ئەمریکا سەغڵەت دەبن و پێویستە ئەمریکا بۆ ئەم مەبەستە ڕاوێژ بەتورکیاش بکات. دیارە هەمووومان ئەو ڕاستییە دەزانین کە لەهەرێمی کوردستاندا توندوتیژیی و نائۆقرەیی و پاشاگەردانی نییە تاکو ئەمریکا بێت دۆخەکە ئارام بکاتەوە، بەو مانایەی لەکوردستان کێشەیەک نییە تاکو ئەمریکا بێت بۆی چارەسەر بکات، بەڵام ئەگەر ئەمریکا سیاسەتەکەی وابێت کە خۆی بتوانێ کۆنترۆڵی تیرۆر لەعێراق بکات و هەروەها هەرێمی کوردستانیش لەهەڕەشە و دەستێوەردانی دەرەکی بپارێزێت ئەوکات پێویستە لەکوردستان پێگەی هەبێت، ئەمەش دەبێت بەپێی پرۆتۆکۆلێکی هاوبەشی هەردوولا بێت کە مەرج و داخوازییەکانی کوردستان بەزەقی تێدا ڕەنگ بداتەوە. بێگومان ئەو وەختە پێویستە کورد بەئاشکرا و بەدەنگی بەرز قسە لەگەڵ ئەمریکا بکات و کە ئەو بنکەیە چۆن و بەچ شێوەیەک بکرێتەوەو بەجۆرێک کاریگەری لەسەر سیاسەت و بارودۆخی هەرێمی فیدراڵی کوردستان نەبێت. هەرچەندە شتێکی ئاشکرایەو کورد نەیشاردۆتەوە کە بەفیعلی دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکایە لەناوچەکەو لەشەڕی ئازادکردنی عێراق هاوکاری هێزەکانی مارێنزی کردووە، بۆیە کورد دەیەوێت لەسەر ئاستی عێراقیش ئاسایش و سەقامگیریی هەبێت نەک بەو مانایەی لەسەر حیسابی عێراق و وڵاتانی دراوسێ ڕێگە بەهاتنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ کوردستان بدات.

من بەش بەحاڵی خۆم پێموایە ئەگەر هاتوو ئەمریکا پێگەی عەسکەری خۆی لەکوردستان کردەوە ئەو هەنگاوە بەهیچ کلۆجێک بۆ دژایەتیکردنی تورکیا ناگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی هیچ شتێک بەدی ناکرێت کە تورکیا لەو هەنگاوە بترسێ بەو پێیەی ئەمریکا سیاسەتی خۆی هەیە لەعێراق و بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەڕێت هەرچەندە سەرکردایەتی کوردی هەمیشە پێداگری لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لەسەر هەموو پرسە هەڵواسراوەکان پرس و راوێژ لەگەڵ تورکیا دەکات و دەخوازێ باشترین پەیوەندی لەگەڵ ئەو ولاتە هەبێت.

هەرچەندە هەفتەی رابردوو ژەنەڕاڵ مایک میشۆنێل پلاندانەری دەزگای هەواڵگری نەتەوەیی ئەمریکا لەوتوێژەکەی لەگەڵ کۆندۆلیزا رایس هێمای بۆ ئەوە کردبوو ئەگەر دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەباکووری عێراق رابگەیەندرێت ئەوا تورکیا دەتوانێ شەڕ لەدژی کوردستان رابگەیەنێ. هەروەک بەڕوونی بە رایسی گوت "ئەگەر لەباکووری عێراق کوردستانێکی سەربەخۆ ئیعلان بکرێ ئەوا تورکیا تەنها وەک تەماشاکەر نامێنێتەوە".

بەڵام لێرەدا گومانێکی زۆر هەیە کە بەشێک لەئیدارەی ئەمریکی جێگیرکردنی بنکەی سەربازی ئەمریکی لەهەولێر بۆ رەواندنەوەی مەترسی و دڵەڕاوکێکانی ئەنقەرە بێت هەروەک رایس لەکۆبوونەوەی لەگەڵ سیناتۆرەکان گوتبووی ئەمریکا دەتوانێ هێزێکی خۆی لەشێوەی هێزەکانی ئەمریکا لەهەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و کۆریای باشوور لەهەرێمی کوردستان جێگیر بکات. بۆیە کورد لەمەودوا دەبێت مناوەری سیاسیی بەباشی بەڕێوە ببات و لەئاست ئەو پرسانە هۆشیار و چاوکراوە بێت.

## ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان واشنتۆن و تاران

من لەو گومانەدا نیم یان بیری لێ بکەمەوە کە رۆژێک لەرۆژان ئەمریکا لەئێران بدات، چونکوو ئەمریکا تائێستا بەنیسبەت قەیرانی ئێراقەوە سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە بەڵکو وەکو زەلکاوێکی لێهاتووەو تێیدا چەقیوە. هەرچەندە رێژەی دانیشتوانی عێراق بە قەد شارێکی وەکو تارانە، لەم رێژەیەشدا چوار ملیۆنی واتە "کوردەکان" هیچ کێشەیەکیان نییە لەگەڵ ئەمریکا. ئەو کێشەی ئێستا لەعێراقیش سەریهەڵداوە لەسێگۆشەیەک دایە ئەگەر خۆی لەپێنج ملیۆن کەسێک بدات، ئەمەش لەکاتێکدایە کە عێراق سێ کەمینەی گروپی نەتەوەیی و تائیفی گەورەی تێدایە کە پێکەوە ناسازن و لەنگی و بۆشاییەکیان دروستکردووە کە زەمینەسازیی دەکات تیرۆریستەکان تێیدا ڕاو ڕاوێنەی خۆیان بکەن، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئێران زیاتر لە ١٠ گروپی مەزهەبی و نەتەوەیی گەورەی تێدایە وەکو کورد، لوڕ، عەرەب، تورک، بلوج و ئەمانەش خۆیان لەنێو خۆیاندا چەند ڕێچکەیەکیان لێ دەبێتەوە، بۆ نموونە کوردی سوننە و کوردی شیعەو... تد کە لەنێو خۆیاندا ناتەبا و ناکۆکن. جگە لەمانەش دۆخی ئێران وەکو ئەوسای دۆخی عێراق نییە کە ئاڵتەرناتیڤێکی ئامادە ببێت. مەبەستم لەو ئاڵتەرناتیڤە، ئاڵتەرناتیڤێک نییە بۆ ناوچەیەک بەڵکو مەبەستم تەواوی ئێرانە. ئەگەر ئاڵتەرناتیڤێکیش ببێت لەدۆخی ئێستادا لەنێو ئێراندایە نەک لەدەرەوەی ئێران. هەڵبەت سەرانی رژێمی ئێران بە بەرچاوی خۆیان چارەنووسی سەددامیان بینی، پێشموانییە دەرسیان لێوەرنەگرتبێت. من دڵنیام لەوەی ڕۆژێک ئێران واز لەپیتاندنی یۆرانیۆم دێنێت بەڵام ئێستا کارتێکە بەدەست مەلاکانی تارانەوە و یاری پێدەکەن. جگە لەمەش هەندێک لەنێو خودی ئێراندا وەکو سازمانی موجاهیدین (مەبەست ئەو گروپەیە کە ئێستا لەئێران خەریکی کاری سیاسین) بە فەرمی و بە ئاشکرایی رایانگەیاندووە کە بەرژەوەندی ئێران لەوەدا نییە و دەبێ پیتاندنی یۆرانیۆم رابگیرێت، واتە باڵێک یاخود چەند باڵێکی سیاسیی لەئێراندا نایانەوێت لەگەڵ ئەمریکا ڕووبەڕوو ببنەوە، بۆیە دژی سیاسەتی ئێستای حکوومەتی ئێرانن دەربارەی قەیرانی ئەتۆمی ئێرانەوە. هەروەها دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێ کە ئێستا لەئێراندا چەند باڵێکی سیاسیی هەن کە تەنانەت باڵی بەناو راست و ئسوڵگەرایی ئێستا درزو کەلێنێک کەوتۆتە نێوانیان، کە بیروبۆچوونیان زۆر لەیەکتری جیاوازەو لەولاش باڵی چەپ و ریفۆرمخوازیش کە لەدەسەلاتداربوون و ئێستا نین، هەموویان لەیەک بەرەدا کۆبوونەتەوە، کە من دڵنیام لەهەڵبژاردنی داهاتوودا هەندێک گۆڕانی گەورە ڕوودەدا.

**ئەو کێشەی ئێستا لەعێراق سەریهەڵداوە لە ناوچەیەکدایە ئەگەر خۆی لەپێنج ملیۆن کەسێک بدات، ئەمەش لەکاتێکدایە کە عێراق سێ گروپی ئیتنکی و تائیفی گەورەی تێدایە کە پێکەوە هەڵناکەن و ناسازن و لەنگی و بۆشاییەکیان دروستکردووە**